ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ کاندیدەکان دیاریکرا



ئەمڕۆ چوارشەممە، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ماوەی هەفتەی بانگەشەی کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ساڵی 2025 دیاریکرد و جەختیکردەوە بانگەشە دوای ئەوەی کۆمیسیۆن ناوی کاندیدەکان پەسەند دەکات دەستپێدەکات .

ئەندامی تیمی ڕاگەیاندنی کۆمیسیۆن حەسەن هادی زایر، بە ئاژانسی هەواڵی فەرمی ڕاگەیاند: هەفتەی بانگەشەی کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجووەمەنی نوێنەران دەستپێدەکات، دوای ئەوەی کۆمیسیۆن ناوی کاندیدەکان پەسەند دەکات، ئەمەش بڕیاری بگەکانی یاسای هەڵبژاردن ژمارە 4ی ساڵی 2023.

ئاماژەی بۆشکرد: لە مادەی 24 لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا هاتووە کە بانگەشەی هەڵبژاردن لەو بەروارەی کۆمیسیۆن ئەزامەندی لەسەر دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات و 24 کاتژمێر پێش وادەی هەڵبژاردن کۆتایی دێت.